


## کامێرایەکی بچووک بۆ ئایفۆن

مۆبایلە زیرەکەکان خۆیان کامێرای باشیان هەیە، کامێرایەك کە جوانترین وێنەی پێدەگیردرێ، بەڵام کامێرای مۆبایل بە تەنیا وەڵامدەرەوەی و یان جێگرەوەی مۆبایلێکی پیشەیی نییە. بەکارهێنەر ئەو چێژەی لە وێنەگرتنی کامێرای دەیبینێ، لە مۆبایلدا وەرناگرێ. کامێرای بچووکی DxO ONE کە وەك ئامێرێکی لاوەکی لە مۆبایلی ئایفۆن ٦ بۆ سەرەوە دادەنرێ زۆر بچووکە و کێشی کەمە، بەڵام کامێرای ئایفۆنەکە وەك کامێرایەکی پیشەیی لێدەکات، ئاوێنەی بەهێزی هەیە، هەستەوەرەکەی ٢٠ میگاپیسکلە، زوومەکەی دەکرێت بە دەست رێك بخرێت، دوگمەی چرکاندنی وێنە وەك کامێرایەکی ئاسایی دەچێت.

## قەڵەمێکی دژە مێشوولە




وەرزی گەرما هات، گەرماش بەبێ پێشکە و مێشوولە نابێت، زۆر ئامێر و ژەهر هەن بۆ بۆ ئەوەی لە مێشوولە بتپارێزن، بەڵام ئامێر و ژەهری دژە پێشکە لە شوێنە کراوەکان ناتوانن بەباشی کار بکەن، ئەگەر مێشوولەش پێوەدای ئیدی ژانەکەی بۆ ماوەیەك دەبێت جگە لەوەی کە سوور هەڵدەگەڕێت، بۆ ئەم مەبەستە هەرچەندە هەندێك کرێم هەن، بەڵام کرێمەکان دەبێ بەر لە پێوەدان لێبدرێن، ئەگینا دواتر ئەو کاریگەرییان نییە. ئامێری بچووکی BITE Helper کە بەقەد قەڵەمێك دەبێت و دەکرێت هەمیشە لە گیرفاندا بێت، چارەسەری ژان و سوور هەڵگەڕانی دوای پێوەدان دەکات.

کارکردی ئامێرەکە ئاوایە، کاتێك بە شوێنی پێوەدانەکەی دادێنی و بۆ ماوەی چەند چرکەیەك رایدەگری، ژانەکە ناهێڵێ. ژانی پێوەدان لەوە دروست دەبێت کە کاتێك خوێنەکە هەڵدەمژێ، لە شوێنی رێکخستنی سوری خوێن تێك دەچێ، بەڵام ئەو ئامێرە بەهۆی شەپۆل و لەرینەوەیەك جارێکی دیکە رێکخستنی سوری خوێنەکە رێك دەخاتەوە.

## هێڵکاری دڵ بە مـ



مۆبایل ئامێرێك کە شوێنی زۆر ئامێری دیکەی گرتۆتەوە، ئامێرەکە خۆی لەخۆیدا جگە لە سوود هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی نییە، بەڵام کاتێك بەکارهێنەر زۆری بەکار دەهێنێ و دەکاتە خووی رۆژانەی ئەوکات زیانی هەیە. ئامێرەکە زیانی هەیە چۆنییەتی بەکارهێنانی زیان دەگەیەنێ.

زۆر ئەرکی تەندروستی ئێستا بە مۆبایل ئەنجام دەدرێن، وەك پێوانی شەکری خوێن، لێدانی دڵ، زەختی خوێن و هەروەها چۆنییەتی هێڵکاری دڵ... ئەوانەی ئاماژەم پێدان بە تەنیا بە مۆبایلەکە ئەنجام نادرێن، بەڵکو بە ئامێری لاوەکی کە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێن جێبەجێ دەبن.. KardiaMo-bile ئامێرێکی بچووکە کە لە مۆبایل پەیوەند دەدرێ و بەهۆیەوە هێڵکاری دڵ دەزاندرێ.. بەکارهێنەر دەبێت دوو پەنجەی لە هەردوو دەستی بخاتە سەر ئەو دۆشەکچە بچووکانە و لە مۆبایلدا چۆنییەتی هێڵکاری دڵ دەبیندرێ. ئەم ئامێرە لەلایەن FDAیەوە پەسەند کراوە و پێیانوایە دەکرێت لە کاتی پێویستدا

# سەرنجێک لەسەر تەبلێتی مەزنی سامسۆنگ

سامسۆنگ لەم ماوەیەدا یەکێك لە سەرنجراکێشترین تەبلێتەکانی خۆی خستەڕوو، بەرای سامسۆنگ یەکێك لە باشترین تەبلێتەکانیش.

تەبلێتی جۆری galaxy view 2 نوێترین تەبلێتی سامسۆنگە و مەزنترین تەبلێتیشە، چونکە تەبلێتەکە شاشەیەکی مەزنی هەیە، ١٧,٣ ئینچ بۆ سکرینی تەبلێت گەلێك زۆرە، ئەم تەبلێتە بۆ کاروباری ئەندازیاری و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و کاری نەخشەسازی زۆر گرنگە. شوێنی لاپتۆپێکی باش دەگرێتەوە. شاشەکە کوالیتیەکەی فول ئێچ دییە.
سیستەمی ئەندرۆیدـ٩ی لەسەرە. کارتی گرافیکی بەهێزی هەیە. ستاند یان پایەی ڕاگرتنی تەبلێتەکەش سەرنج ڕاکێشە. تەبلێتەکە دوو جۆری میمۆری ٦٤ گیگابایتی و ١٢٨ گیگابایتی هەیە و دەکرێت کارت میمۆری ٥١٢یشی بۆ دابندرێ.
دەبێ تەبلێتێکی وا مەزن باترییەکی بەهێزشی هەبێ، بۆیە سامسۆنگ باتری ١٢٠٠٠ میلی ئامپێری بۆ داناوە.

# ...ۆبایل ئەنجام بدە

سوودی لێوەربگرێ و زانیارییەکانی تەواو جێگای متمانەن. دەکرێت ئاماری ڕۆژانەی بەکارهێنانی لە فایلێکدا تۆمار بکرێت.




# پاوەربانکێک بۆ ئۆتۆمبیلیش دەبێت

پاوەربانکی واتە بانکی وزە کە زۆرتر بۆ مۆبایل بەکار دەهێنرێ و زۆر جاریش بۆ تەبلێت و کامێراش سوودی لێوەردەگیردرێ، گرنگی خۆی هەیە. ئەو شوێنانەی کە بەکارهێنەر دەستی بە وزە ڕاناگا گرنگی پاوەربانک دەردەکەوێ، بۆ گەشت و گەڕان و دوورکەوتنەوە لە ناوەندی وزە زۆر بە سوودە.
لەم ماوەیەدا پاوەربانکێکی بەرهەم هاتووە کە بە جۆری Imazing-Portable ناسراوە. پاوەر بانکەکە لە یەك کاتدا شەش ئەرك ئەنجام دەدات و ئامێرێکی جۆکەرە. ئەرکەکانی وەك: گلۆپی ئاگادار کردنەوە، گلۆپی ڕووناکی LED، گلۆپی لایت، هۆرنی ئاگادارکردنەوە، شوێنی دوو USB بۆ شەحنکردنەوە، خاڵی جێگای سەرنجیشی دابین کردنی وزە بۆ ئۆتۆمبیل ئەوکاتەی باتری ئۆتۆمبیل کار ناکات، بەگشتی پاوەربانێکی یارمەتیدەر بۆ هەموو کاتێك.
هێزی پاوەربانکەکە ١٢٠٠٠، ئەمە دەتوانێت جگە لە مۆبایل، تەبلێت و لاپتۆپیش شەحن بکاتەوە.






# کامێرای نیکۆن بۆ منداڵان

جیهانی منداڵان لە گۆڕەپانی تەکنەلۆژیاشدا لە جیهانی گەورەکان جیایە، تەکنەلۆژیای تایبەت بەخۆیان هەیە، هەرچەندە هاوشێوەی گەورەکانە، بەڵام ستایل و کارکردی لەو ئامێرە تەکنەلۆژیایانەی بۆ گەورەکان بەرهەم دێن جیاوازە.

کۆمپانیای نیکۆن کە لە بواری بەرهەمهێنانی کامێرادا لەریزی کۆمپانیا ناسراوەکان دێت لەم ماوەیەدا کامێرایەکی بچووکی بەناوی COOLPIX W150 بەرهەم هێناوە، کامێرایەك کە دەکرێت دونیای منداڵان لە بواری وێنەگرتندا گۆڕانکاری بەسەردا بێنێ.

دیزاینی کامێراکە تەواو لەگەڵ منداڵان دەگونجێت، گەش و رەنگاورەنگن کە ئەمەش سەرنجی منداڵان بۆلای خۆی رادەکێشێ. لەبەر ئەوەی منداڵان هەمیشە لە جوڵەدان و حەزیش دەکەن ئامێرەکانی بەردەستیان تێکدەن و بە زەوی دادەن، بۆیە کامێراکە تەواو دژە بەرکەوتنە و بە ئاویش تێکناچێت. کامێراکە ١٣ میگاپیسکلە، هاوێنەکەی بە زۆمی ٣ بەرابەرە، فیلم بە کوالیتی فول ئیچدی دەگرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت لە کۆمپیوتەرەکەمدا فایلێکی زۆری زیادی و دووپاتەی تێدایە، ئەگەر یەکە یەکە بە دوادا بگەڕێم و سەرکەوتو نابم و کاتێکی زۆریشی دەوێت رێگایەکی ئاسان هەیە بۆ سڕینەوەی فایلە دووپاتە و کۆنەکان؟

خوێنەری بەڕێز هەر لە خودی کۆمپیوتەرەکەشدا بەبێ پرۆگرام دەکرێت، بەڵام رەنگە بۆ کەسانی ناشارەزا زۆر دژوار بێت، بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە پێشنیار دەکەم سوود لە پرۆگرامی dupeGuru یا پرۆگرامی CCleaner وەربگرە.. بەکارهێنانی هەردوو پرۆگرامەکەش ئاسانە.. پرۆگرامی dupeGuru دابەزێنە و دووجار کلیکی لەسەر بکە و تا پرۆگرامەکە دەکرێتەوە، پاشان دوگمەی scan دابگرە. دوای ئەوە بە تەواوی فایلە دووبارە بووەکان دەبینی و دەتوانی دوگمەی delete دابگری و فایلەکان دەسڕێنەوە.

لە پرۆگرامی CCleaner بە یەك کلیك کۆمپیوتەرەکە شی دەکاتەوە و فایلە دووپات بووەکان نیشان دەدات و بە داگرتنی دوگمەی delete دەسڕێنەوە.

# ماوسێکی نوێی وایەرلەیس

ماوس هێشتاش لە کۆمپیوتەردا جێگرەوەی نییە، راستە تۆچ پەد (پەدی لەمسی) تا رادەیەك ئەویش لەکاتی زۆر پێویستدا دەکرێت جێی ماوس بگرێتەوە، بەڵام بۆ هەموو ئەرکێك نا. ئەگەر گەمەیەکی قورس بکەی، یان کارێکی گرافیکی و نەخشەسازیت هەبێ ئەوە بەبێ ماوس ناتواندرێ ئەنجامی باشی لێوەدەست بێت.

ماوس دوو جۆری هەیە، بێ وایەر و بە وایەر.. ماوسی جۆری IRONCLAW RGB WIRELESS یەکێکە لە ماوسە بێ وایەرەکان. وردبینی لەو ماوسەدا ١٨٠٠٠ خاڵە لە ئینجێکدا. خێراییەکەی یەك ملیمی چرکەیە، ماوسەکە هەم بە شێوەی وای- فای و هەم بەشێوەی بلوتوس لەگەڵ لاپتۆپ و تەبلێت پەیوەند دەدرێت.

ماوسەکە شەحن دەکرێتەوە و ئەوکاتەی بەتەواوی بارگاوی دەبێت دەکرێت هەتا ٥٠ کاتژمێر کاری پێ بکرێت. ١٠ دوگمەی هەیە، دوگمەکان دەکرێت بەهۆی پرۆگرامێکەوە کەلەسەر کۆمپیوتەر دادەنرێ خۆت بەرنامە و ئەرك بۆ دوگمەکان دیاری بکەی. ستایلێکی سەرنج راکێشی هەیە و هەر چوار دەورەکەی رووناکی RGBیە واتە بە هەموو رەنگێك خۆی دەنوێنێ و بەکارهێنەر دەتوانێت گۆڕانکاری لە رووناکی و رەنگی گلۆپەکان دا بکا.






# پرۆگرامێک بۆ دەستکاری کردنی فیلم

بۆ دەستکاریکردنی فیلم بە سەدان پرۆگرام هەن کە هەندێکیان زۆر قورس و گرانن و تەنیا کەسانی شارەزا و پسپۆڕی ئەم بوارە دەتوانن بەکاری بێنن، هەندێکیشیان ئاسانکاری تێدایە و کەسانی تازە شارەزاش ئەوانەی دەیانەوێ لەلای خۆیان فیلمەکانیان دەستکاری بکەن دەتوانن فێر ببن و بەکاری بێنن.

پرۆگرامی PowerDirector یەکێکە لەو پرۆگرامانە و بەکارهێنانی ئاسانە، هەر ئەوەندە بەسە کە فیلم و وێنە و فایلە دەنگییەکانی خۆت بخەیە ناو ئەو پرۆگرامە و بەو تایبەتمەندییانەی لە پرۆگرامەکەدان کاریان لەسەر بکەی.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- توانای ئامادەکردنی سلاید و ئەلبۆمی وێنە هاوکات لەگەڵ مۆسیقا.
- هەموو ئەو شتانەی بۆ دروستکردن و مێکس و مۆنتاژی فیلم سوودیان لێوەردەگیرێ لە پرۆگرامەکەدان.
- پشتیوانی کردن لە گشت فۆرماتێکی فیلم و دەنگ.
- سەیڤ کردن بە کوالیتی HD.
- بوونی دەیان ئیفێکت لەسەر فیلمەکان.
- دروستکردنی فیلمی DVD بە مینۆی تایبەتەوە.
- دانانی ژێرنووس لەسەر فیلم.



# کتێبخانەیەکی گەڕۆکی بچووک

لە سەردەمی دیجیتالی و ڕۆبۆتدا پرسیارێك هەمیشە خۆی زەق دەکاتەوە و سەدان شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ کراوە ئەویش ئەوەیە لەم سەردەمەدا ئایا کتێب خوێندنەوە بەرەو لاوازی دەڕوا؟ ئایا ئامێرە تەکنەلۆژییە سەردەمییەکان دەبنە هۆی کزبوونی چرای خوێندنەوە؟ بۆ وەڵامەکەی دەبێ بڵێین تا ڕادەیەك بەداخەوە هەموو ئاماژەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە خوێندنەوە ئەو گرنگییەی جارانی پێنادرێ. لەم سەردەمەدا بۆ ئەوەی بازاڕی خوێندنەوە هەروا گەرم بێت، زۆر پرۆژە و پلان و هاندان لە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ خوێندنەوە دەکرێت. خوێندنەوەیان هێناوەتە ناو مۆبایلەکانیش. یەکێك لەم پرۆژانە بوونی کتێبخانەی گەڕۆکە کە لەلایەن ڕۆبۆتە گەڕۆکەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

ڕۆبۆتی گەڕۆکی bookBot ئەرکی ئەوەیە بە شەقامەکاندا بخولێتەوە و کتێب خوێندنەوە وەبیر ئیسانەکان بخاتەوە. کاتێك لە ڕۆبۆتەکە نزیك دەبیەوە و پرسیاری کتێبی لێدەکەی، ئەویش پرسیارێت لێدەکات و تەنانەت ڕێنوێنیت دەکا کە چ کتێبێك بۆ خوێندنەوەی بوارەکەی ئەو گونجاوە.

ڕۆبۆتەکە بڕاردەیەك لەهەر کتێبێك دەخوێنێتەوە، بە شەقامەکاندا دەخولێتەوە و خەڵك لە خۆی کۆ دەکاتەوە، ڕەنگە ئەو تەکنەلۆژییە جارێکی دیکە خەڵك بۆ خوێندن هان بدات. کاتێك لەسەر شاشەی ڕۆبۆتەکە کتێبێك هەڵدەبژێری و هەر بە شێوەی ئۆنلاین و لە ڕێگای کرێت کارتەوە پارەکەی دەدەی و کتێبەکە لە سندوقی ڕۆبۆتەکە وەردەگری. ڕۆبۆتەکە جارێ هەر بیرۆکەیە بۆیە لە سەد کتێب زیاتر هەڵناگرێت.



## ماڵپەڕێک چەند ڤیدیۆ پێکەوە دەلکێنێ

زۆرجاران چەند کورتە فیلمت هەیە و نیازت هەیە گشت ئەو فیلمانە تێکەڵ بەیەك ببن و ببنە فیلمێك. گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەم کارە بە ئاسانی ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەگەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هیچ پرۆگرامێك نەبوو، ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەوە سەر لە سایتی... بدە. لەم سایتە خزمەتگوزاری زۆر لە بواری فایلی دەنگی و ڤیدیۆیی هەیە. شێوازی میکس لە ڤیدیۆ لەو سایتەدا زۆر ئاسانە. بۆ تێکەڵکردنی چەند ڤیدیۆ سەرەتا لە ڕێگای دوگمەی Choose files ڤیدیۆکانی خۆت دابەزێنە، دەکرێت ڤیدیۆکان لە کۆمپیوتەری خۆت، یان لە درۆپ بوسك، یا لە گوگڵ دراویش را بێنی. ئەگەر دەتەوێ چەند کورتە ڤیدیۆیەك پێکەوە ببنە فیلمێك، پێویست ناکات یەکە یەکە دایانبەزێنی و دەکرێت بە یەکجاری هەڵیانبژێری.

پاش دابەزین دەتوانیت ریزبەندیان بەو جۆرەی مەبەستتە هەر بەو ماوسەکەی خۆت دیاری بکەی. دواتر ناوێك بۆ فیلمەکەت دابنێ و لەسەر دوگمەی merge and convert کلیك بکە و فۆرماتی تایبەتی خۆت هەڵبژێرە و دوگمەی download دابگرە.